## چاوسر، جفری "Chaucer, Geoffrey"

جفری چاوسر نووسەرێکی ئینگلیزییە، لە ساڵی ١٣٤٠ لە لەندەن لە دایك بووە و ڕۆژی ١٤٠٠/١٠/٢٥ هەر لە لەندەن کۆچی دوایی کردوە. کارەکانی جفری چاوسر وەك پردێک سەدەی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنسانس پێکەوە پەیوەند دەدەن. تێپەڕبوون بەرەو سەردەمی نوێ لە کارە بەردەوام و گرنگە ئەدەبییەکەی ئەودا بە ناوی "گێڕاوەکانی کانتربری" بە ڕاشکاوی دەبینرێت، گەرچی بە داخەوە نەیتوانی بیگەیێنێتە کۆتایی.

لە ساڵی ١٣٥٧ چاوسر لە خزمەت کورە تاجرێکی شەراب لە لەندەن و کۆنتێسی ئولستر، ژنی سێهەم کوڕی شا ئیدواردی سێهەم، دا (١٣٢٧ - ٧٧) وەك نۆکەر و بەر فەرمان لە ماڵدا کاری کردووە و بەو هۆیەوە زۆر زوو لەگەڵ ژیانی دیوەخان بۆتە ناسیاو. لە شەڕی سەدساڵەی نێوان ئینگلیز و فەڕانسەدا (١٣٣٧ تا ١٤٥٣) دا،لە ساڵی ١٣٥٩ تا ٦٠ وەك سەرباز لە فەڕانسە بەشداری شەڕەکە بووە و بە کۆیلە گیراوە و بە یارمەتی شا ئازاد کراوە. لە ساڵی ١٣٦٧ بۆتە پیاوێکی ماقووڵ و ئەشرافی لە خزمەت شا دا و هەروەها وەك بازرەسی گومرك لە دوڕگەکانی شاری لەندەن کاری کردووە. لە پەیوەندایەتی دیپلۆماسیدا سەفەری بۆ فلاندر[16]، فەڕانسە و ئیتالیا کردووە (١٣٧٢ / ٧٣ و ١٣٧٨) و لەگەڵ کارە ئەدەبییەکانی شاعیرانی ئیتالیایی بۆکاچیو "Boccaccio" و پێترارکا "Petrarca" ناسیاوی پەیدا کردووە.

لە قۆناخی سەردەمی زووی کارە ئەدەبییەکەیدا چاوسر ڕۆمانێکی کۆنی فەڕەنسەیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی (ڕۆمانەکە لە سەدەی ١٣ دا نووسراوە). لە دووهەم قۆناخدا دەستی داوەتە ئەدەبیاتی ئیتالیایی لەبەر ئەوەی ئاوات و خواستی ئەدەبیاتی سەردەمی ڕێنسانس بووە. لەو

16 فلاندر یەك لە سێ ناوچەی حوکومڕانی بلژیك بووە.

سەردەمەدا شێعر و هۆنراوەکانی "پارلمانی باڵندە"ی خولّقاند (١٣٨٢) کە زیاتر ئاماژە بە زەماوەندی ریچاردی دووهەم (Richard II) دەکا. حەماسەی Troilus and Cresseyde لە ساڵی ١٣٨٥ بە چاولێکەری لە پێتراکا "Petrarca"[17] و وەك خۆشەویستی و هۆگریی بۆ ئەو، خولّقاندووە. بەداخەوە چاوسر پێش مردنی، نەیتوانیوە کارە سەرەکیەکەی واتە "گێڕاوەکانی کانتربری" بگەیێنێتە کۆتایی.

دەقی ئاڵمانی گێڕاوەکانی کانتربری (OT The Canterbury Tales) OA 1478 لە ساڵی ١٨٢٧ لە ٣٦٨ لاپەڕەدا چاپ کراوە. چاوسر لەو گێڕاوانەیدا چەشنێکی نوێی ئەدەبیات دەخولّقێنێ کە تا ئەو سەدەمە هیچ شاعیرێك نەیتوانیبوو ژیانێکی ڕاستەقینە بە زمانێکی تەواو خۆشەویستانە وێنا بکا.

گێڕاوەکانی کانتربری لە نێوان ساڵەکانی ١٣٨٧ و ساڵی کۆچی دوایی شاعیردا پێکهاتوون. ناوەڕۆکی گوتەکان و شێعرەکانی "گێڕاوەکانی کانتربری" دەگەڕێنەوە سەر نووسەرانی سەردەمی کەون کە لە سەرچاوەکانی سەدەی ناوەڕاست وەر گیراون. چاوسر لە کارە ئەدەبییەکەیدا لەگەڵ ٢٩ ژن و پیاو سەفەرێك و زیارەتێك دەخولّقێنێ کە لە لەندەنەوە بەرەو قەبری پیرۆزی تۆماس بکت "Thomas Becket" لە ناوچەی کانتربری "Canterbury " درێژەی دەبێ. میواندارێکی مەیخانەیەك پێشنیار بە مسافرانی ئەو ڕێگایە دەکا کە بۆ تێپەڕبوونی کات، لە ڕێگا چیرۆك بۆ یەکتر بگێڕنەوە. هەر کام لە زیارەتکەران دەبوو دوو چیرۆك لە ڕێی چوون و دوو چیرۆک لە ڕێی هاتنەوەدا بگێڕنەوە. بەداخەوە بە مردنی چاوسر ئەو چیرۆکانە کە دەبوایە لە کۆتاییدا ژمارەیان بگاتە ١٢٠، ناتەواو مایەوە. بەشداران و مسافرانی ناو ئەو چیرۆکە ڕەنگدانەوەی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای سەدەی ناوەڕاست لە شوالیە و ئاریستۆکرات(ئەشراف)ەوە هەتا بازرگان، کۆیلە، ژن و پیاوی ئایینی، ئاشەوان و چێشتکەر پێکدێن.

---

[17] فرانچێسکۆ پێتراکا شاعیرێکی ئیتالیایی بووە. (١٣٠٤ تا ١٣٧٤)

ناوەڕۆکی بابەتەکە زیاتر لەسەر خۆشەویستی، مێژووی شوالیەکان و چیرۆکی نێوان ژنێك و دوو شوالیە، یا ژنێك کە پێنج جار مێردی کردووە، مافی حاکمییەت و هەروەها تەوەری مێژوویی دەدوێن.

بەهۆی ژمارەی زۆری ئاکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەوە، کە زۆربەی زۆری نوێنەرانی کۆمەڵگایان وێنا کردبوو، کارتێکەری ئەو کارە ئەدەبییە لە سەدەی پازدەهەمدا، بە شێوازێکی زیندوو و وەك کارێکی تازە و سەرسووڕهێنەر، یەك لە سەرکەوتووترین چیرۆکەکانی ناو خەڵکی لێ دروست کراوە.

درێژەی هەیە ...